پژوهشنامه ادبیات کُردی
سـال دوم، شماره ۲، بـهار ۱۳۹۵
صص ۱۲۷ - ۱۵۰

# شێوازناسیی ویژەی گۆرانی: تایبەتمەندییە سەرەکییەکان

تاریخ دریافت مقاله: ۱۳۹٤/۹/۱۵ تاریخ پذیرش نهایی: ۱۳۹۵/۱/۲۹

**بەختیار سەجادی[1]**
ماموٚستای بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیسی و توێژەری نیوەکات لە توێژینگەی کوردستان‌ناسی،زانستگای کوردستان

## کورتە

ئەم وتارە دەیەوێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شێعری گۆرانی لە رووی فۆرم و ناوەرۆکەوە بخاتە بەر هەڵسەنگاندن و پاشان هەوڵ دەدات مۆرکە بەرچاوەکانی ویژەی گۆرانی لە رووی شێوازناسیی ئەدەبییەوە دیاری بکات. ئەم خوێندنەوەیە سەرەتا بەم پرسەوە دەست پێ‌دەکات کە ئەو بەرهەمانە کامەن کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەخرێنە بەر تیشکی شی‌کردنەوە و پاشان لەم پرسیارە دەکۆڵێتەوە کە کۆی بەرهەمەکانی ویژەی گۆرانی لە رووی زاراوەناسیی ئەدەبییەوە دەخرێنە چ خانەیەکەوە؛ بە واتایەکی تر، لە زاراوەکانی «قوتابخانە»، «رێباز»، «ئوسلوب»، یان «نەریتی ئەدەبی»، بەکارهێنانی کام یەک دەتوانێ لە رووی شێوازناسییەوە پڕبەپێستی کۆی هاوچەشنی بەرهەمەکانی ئەم سامانە ئەدەبییە بێ. پاشان، تایبەتمەندییە شێوازناسانەکانی ویژەی گۆرانی بە سەرنجدان بەم لایەنانەی خوارەوە شی دەکرێنەوە: کێش، زمانی شێعری و هەڵبژاردنی وشە، قاڵبی ئەدەبی، سەروا، ئیماژ و ئولگووە دەنگییەکان، دوانەی روخسار/ ناوەرۆک، یەکێتی ئەندامەوار، دوانەی عەقڵ/ هەست و بەردەنگ. لە کۆتاییشدا، هەوڵ دەدرێ جیاوازییە شێوەیی و ناوەرۆکییەکانی ویژەی گۆرانی لەگەڵ ویژەی کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاست بخرێتە بەر دەست و لەم رێگەیەوە بەراوردکارییەکی شێوازناسانە لە نێوان ئەم دوو نەریتە ئەدەبییەدا ئاراستە بکرێ.

**وشەگەلی سەرەکی:** شێوازناسی، رێباز، کێش، سەروا، ئولگووە دەنگییەکان، دوانەی روخسار/ ناوەرۆک، یەکێتی ئەندامەوار.

1- b.sajadi@uok.ac.ir

## ۱- پێشەکی

ئەگەرچی سەرەتاکانی دەرکەوتنی وێژەی گۆرانی بە شێوەی نووسراو و هەمەگیر بۆ سەدەی چوارەم و پێنجەمی کۆچی دەگەڕێتەوە و گۆرانی وەکوو زمانی پێوەری ئایینی یارسان رەچاو دەکرا، بەڵام ئەمە پاش سەدەی نۆهەم و دەهەمی کۆچی بوو کە ویژەی گۆرانی لە سەر دەستی شاعیرانی گەورەی گۆرانی‌نووسدا گەشەیەکی بەرچاوی بە خۆوە بینی. لە دوو سەدەی کۆتایی سەردەمی درێژخایەنی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا، واتە لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمەوە تاکوو ناوەڕاستی سەدەی سێزدەهەمی هەتاوی، کە ناوەندی ئەم دەسەڵاتە بە تایبەتی لە شاری سنە و دەوروبەریدا گردوکۆ کرابۆوە، نەریتێکی ئەدەبی قورس و قایم سەری هەڵدا و پاشان بە خێرایی رووی لە گەشە و پەرەسەندن کرد. گەرچی تا پێش سەدەی یازدەهەم چاومان بە گەلەک بەرهەمی ئەدەبیی ناوازە دەکەوێ کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەم میرنشینەدا هاتوونەتە بەرهەم، بەڵام ئەمە لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمی کۆچی هەتاوییەوە بەم لاوە بوو کە، لە لایەکەوە، نەریتێکی ئەدەبی دامەزرا و، لە لایەکی تریشەوە، زاراوەی گۆرانی (واتە، هەورامی) بوو بە زمانی ئەدەبی گشتگیری ئەو ناوچانە. بابەتی سەرەکیی ئەم وتارەی بەردەست بریتییە لە لێکۆڵینەوە لەو نەریتە ئەدەبییەی بە وێژەی گۆرانی ناسراوە و لە ناوەڕاستی سەدەی یازدەهەمەوە تا کۆتایی سەدەی سێزدەهەمی کۆچی هەتاوی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا هاتوونەتە بەرهەم چ لە باری شێوازناسانەوە و چ بە سەرنجدان بە فۆرم و ناوەرۆکی ئەو بەرهەمانە.

## ۲- پێشینەی لێکۆڵینەوە

چەند لێکۆڵینەوەیەکی بەپێز لە سەر تایبەتمەندییەکانی ویژەی گۆرانی لەم ساڵانەی دواییدا بە ئەنجام گەیشتوون. هەڵبەت زۆربەی هەرە زۆری ئەم لێکۆڵینەوانە زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر راڤەکاریی ئەو بەرهەمانە و ماناکردنەوەی دێڕە شێعرییەکان و یاخود گرنگیدان بە ناوەرۆکی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم سەردەمە. یەکێک لە نموونە سەرەتاییەکان کە تێیدا ئاماژە بۆ شاعیرانی سەر بەم نەریتە ئەدەبییە کراوە ئەنجومەنی ئەدیبان نووسراوەی ئەمین فەیزی بەگە کە چەند نموونە شێعرێکی

مەولەوی و کورتەیەک لە ژیاننامەکەی هێناوەتەوە.[١] پاشان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا نووسینی عەلائەدین سەجادی باسی چوار شاعیری گەورەی ئەدەڵان کراوە کە ئەمانەن: بێسارانی، مەولەوی، سالمی سنە، و مەجدی.[٢] هەروەهاش سەجادی لە دەقەکانی ئەدەبی کوردیدا شێعری مەولەوی وەکوو یەکێ لە چەشنە تایبەتەکانی دەقە ئەدەبییە کوردییەکان بە نموونە دەهێنێتەوە.[٣]

لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوو بەم لاوە و لە رۆژنامەکانی کوردستانی عێراقدا چەندین ئاماژە و لێکۆڵینەوە دەربارەی ئەو شێعرانە کراوە کە بە زاراوەی گۆرانی هۆنراونەتەوە و لێرەدا کار و چالاکی و نووسینەکانی پیرەمێرد لە دوو رۆژنامەی ژین و ژیاندا وەکوو یەکەم خوێندنەوەکان لەم بەرهەمانە دێنە ئەژمار. لە سەرەتای شەستەکان بەم لاوە پەیتا پەیتا دیوانی شێعری شاعیرە هەڵکەوتووەکانی سەردەمی ئەردەڵان هاتنە چاپکردن؛ پاشان، هەر لەم قۆناغەدا لە چەندین نامەی ماستێر و دوکتۆرای زمان و ئەدەبی کوردیدا ئاوڕ لەم بەرهەمانە دراوەتەوە و توێژەران هەوڵیان داوە ئەو بەرهەمانە بخوێننەوە. یەکێ لەم لێکۆڵینەوانە نامەی دوکتۆرای عێزەدین مستەفا رەسوولە بە ناوی ریالیزم لە ئەدەبی کوردیدا کە گەرچی بابەتی سەرەکی لەم کتێبەدا ئەدەبی ریالیستی کوردییە، بەڵام ئەدەبی رۆمانتیکی کوردییش خراوەتە بەر هەڵسەنگاندن و لێرەشدا باس لە مەولەوی و کاریگەریی ئەو «قوتابخانە»یە لەسەر سەرهەڵدانی شێعری نوێی کوردی کراوە.٤ هەروەهاش، پرۆفیسۆر مارف خەزنەدار لە بەرگی دووەم و سێیەمی مێژووی ئەدەبی کوردیدا باسی گەلێک شاعیری سەر بەم نەریتەی کردووە.٥ یەکێکی تر لەم بەرهەمانە

١- ئەمین فەیزی بەگ، ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد، ئەستەنبۆڵ: چاپی ترجمان حقیقت، ١٩٢٠. چاپی دووبارە لە بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٣، لل ٣٢-٢.

٢- عەلائەدین سەجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، بەغداد: چاپخانەی مەعاریف، ١٩٧١، لل. ٢١٣-٢٠٥، ٣٠٦-٢٧٦، ٤٠٨-٣٩٨ و ٤٢٠-٤٠٩.

٣- عەلائەدین سەجادی، دەقەکانی ئەدەبی کوردی، بەغداد: چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، ١٩٧٨، لل.١٠٤-٨٩.

٤- عزالدین مصطفی رسول، الواقعیة في الادب الکردي، بیروت: ١٩٦٦.

٥- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی دووەم، چاپی دووەم، هەولێر: ئاراس، ٢٠١٠، بەشی دووەم تا هەشتەم؛ مارف، خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، هەولێر: ئاراس، ٢٠١٠، بەشی هەژدە تا بیست و دوو.

نامەی ماستێری خورشید رەشید ئەحمەدە بە ناوی رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا کە لێرەشدا وەک بەرهەمی پێشوو باسێک لەسەر لایەنی رۆمانتیزم لە شێعری مەولەویدا کراوە و هەروەهاش باسی گرنگایەتی لایەنی ناوەرۆک دەکات لەو شێعرانەدا.۱ یەکێکی تر لەم لێکۆڵینەوانە نامەی دوکتۆرای ئەنوەر قادر محەمەدە کە لە سەر مەولەوی بە ئەنجام گەیشتووە.۲ لە کوردستانی ئەمدیویشدا بەم دواییانە چەند تێزێکی زانکۆیی لە سەر بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە نووسراون کە یەکێک لەو بەرهەمانە نامەی ماستێری کولسووم عوسمانپوورە لە سەر جوانیناسیی شێعرەکانی مەولەوی کورد.۳

## ۳- رێباز، قوتابخانە، یان نەریتی ئەدەبی؟

پێش ئەوەی ئەم بەرهەمانە لە رووی شێوازناسییەوە بخرێنە بەر هەڵسەنگاندن، پێویستە لەسەر پێناسەی چەند زاراوەیەک هەڵوێستەیەک بکەین. ئایا بەکارهێنانی کام لەم زاراوانە دەتوانێ پڕبەپێستی کۆی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانە بێ کە لە سەردەمی ئەردەڵانەکاندا و بە زاراوەی گۆرانی هاتوونەتە بەرهەم؟ جیاوازیی نێوان ئەم زاراوانە چییە؟ لێرەدا زۆر بە کورتی پێناسەی ئەو زاراوانە دەخرێتە بەر دەست و پاشان لە ئەنجامدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکرێ کە کام یەک لەم زاراوانە دەتوانێ بە تەواوی پیشاندەری هاوچەشنیی شێوازناسانەی کۆی ئەو بەرهەمانە بێ کە لەو سەردەمەدا نووسراون.

دەکرێ بوترێ شێواز لە ئەدەبی فارسیدا خاوەن دوو مانای گشتی و تایبەتە. مانای تایبەتی زاراوەی شێواز بۆ ئەو کەسانەی شارەزای ئەدەبی فارسین مانایەکی دیار و ئاشکرایە. شێواز لەم مانا تایبەتەیدا بەو پۆلە ئەدەبییە جیاجیایانە دەوترێ کە هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی فارسییەوە لە کۆتایی سەدەی سێیەمەوە تا کۆتایی سەدەی سێزدەهەمی هەتاوی وەکوو کۆیەکی هاوچەشن و هاوئاهەنگ و هاوشێوە لە سەر دەستی چەندین شاعیری گەورەی فارسیبێژ هاتوونەتە بەرهەم.

---

۱- خورشید رەشید ئەحمەد، رێبازی رۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، بەغداد: دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، ۱۹۸۹، لل. ۱۰۵-۸۱.

۲- انور قادر محمد، مەولەوی، شاعیری لیریکای گەورەی کورد، نامە دوکتۆرا، ۲۰۰۳.

۳- کلثوم عثمان‌پور. زیبایی‌شناسی دیوان اشعار مولوی کرد. سلیمانیه: اداره فرهنگ، ۲۰۱۰.

شێواز لەم مانایەیدا دابەشدەکرێ بە سەر چەندین شێوازی گەورەی ئەدەبی فارسی وەکوو شێوازی خوراسانی، شێوازی عێراقی، شێوازی هیندی و شێوازی گەڕانەوە. هەر کام لەم شێوازانە بۆخۆیان خاوەنی مۆرکی دیاریکراوی خۆیانن و هەر کامەیان هەڵگری کۆمەڵێ تایبەتمەندیی جیاوازن. بەڵام، شێواز بە مانا گشتییەکەی لە ئەدەبی فارسیدا دەتوانرێ بۆ رەخنەکاریی بەرهەمی هەموو شاعیر و نووسەر و تەنانەت دەرهێنەری فیلم و هونەرمەندانی شێوەکاریش سوودی لێوەربگیرێ. لێرەدا بە مەبەستی تێگەیشتنی شێواز، رەخنەگرە جیاجیاکان سوود لە چەندین دەرکەوتە و خەسڵەتی ئەو بەرهەمە کەڵک وەردەگرن وەک فۆرم، بنەما، و جۆری هەڵبژاردنی وشەکان و تەنانەت جیهانبینی و شێوە مامەڵەی داهێنەر لەگەڵ بابەتی بەرباسی بەرهەمەکەیدا (شمیسا، ١٣٧٠: ٢٥-١٨).

لە ئەدەبی ئینگلیسیشدا، شێواز لە مانای دووەمی ئەم زاراوەیە لە زمان و ئەدەبی فارسیدا نزیکە. شێواز لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی بەم چەشنە پێناسە کراوە:

شێواز شێوەی دەربڕینی زمانناسانە لە پەخشان یاخود شێعردایە. شێواز بریتییە لە شێوە و چلۆنایەتی دەربڕینی ئەو شتەی نووسەران و شاعیران دەیانەوێ بیڵێن. شێوازی بەرهەمێکی تایبەت لە رێگەی جۆری هەڵبژاردنی وشەکان، جۆری بنەمای رستەکان، جۆرەکانی هونەر و تەکنیکە بەکارهاتووەکان، چەشنی کێش و سەرواکان و ئولگووە دەنگییەکانی تر و، بە گشتی لە سۆنگەی سەرجەم تایبەتمەندییە شێوەییەکانی ئەو بەرهەمە و مەبەستە گوتەییەکانیشی شیدەکرێتەوە (Abrams، ١٩٩٣: ٢٠٣).

هەروەهاش، لە تیۆرییە ستانداردەکانی زانستی کەلامدا شێواز بە گشتی بە سەر سێ جۆری بەرز، مامناوەندی، و خواردا دابەش دەکرێ. دیارە لەم پێناسەیەدا «شێوازی بەرز» بە مانای شێوازێکی یەکسەر ئەدەبییە کە لێوانلێوە لە هونەر و تەکنیکە ئەدەبییە جیاجیاکان. «شێوازی خوار»یش دەلالەت دەکاتە سەر شێوازی ئاسایی زمان یان هەر جۆرە کەمایەسییەک لە شێوازی بەرهەمێکی ئەدەبیدا.

لە ئەدەبی کوردیدا شێواز دەربڕی تایبەتمەندییە شێوەیی و فۆرمییەکانی بەرهەمێکی ئەدەبی و هونەرییە و هەربۆیەش لە ئەدەبی کوردیدا شێواز زیاتر پیشاندەری مۆرکە تاکەکانی بەرهەمێکی دیاریکراوە. هەر بە هەمان شێوە، شێوازناسی بریتییە لە پیشاندان و دەرخستنی تایبەتمەندییە فۆرمی و شێوەییەکانی

بەرهەمێکی ئەدەبی چ لە رووی هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکانەوە و چ لە رووی بابەتی بەرباسی ئەو بەرهەمە و چ لە رووی شێوازی رستەسازی و داڕشتنی رستەکانەوە؛ هەروەهاش، شێوازناسیی، خوێندنەوەی جۆری بنەمای رستەکان و تەنانەت قاڵبی ئەدەبیی دیاریکراوی ئەو بەرهەمە و سەرجەم مۆرکە شێوەییەکانی ئەو بەرهەمە بە جۆری کێشەکان و سەرواکانیشەوە دەگرێتەوە. کەواتە، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە ئەدەبی ئەردەڵانیشدا لە جێی خۆیەتی؛ هەڵبەت، ئەگەر کۆی بەرهەمەکانی ئەم سەردەمە لە رووی شێوازەوە هاوچەشن و هاوشێوە بن، ئینجا دەکرێ بە شێوازی ئەردەڵانی ناودێر بکرێن. بەڵام، هەر وەک دواتر دەردەکەوێ، لە بەر ئەوەی کە هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە لە رووی شێوازناسییەوە لە بەرهەمەکانی تر جیاوازن، کەواتە ناکرێ و ناشبێ لەم زاراوەیە بۆ دەستنیشانکردنی کۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە کەڵک وەربگیردرێ.

لە لایەکی ترەوە، زاراوەی رێباز (trend) لە زمان و ئەدەبی کوردیدا زیاتر هەڵگری دوو مانای لێکجیاوازە. ئەم زاراوەیە لە لایەکەوە لەو باسانەدا بەکار دەبرێ کە پێوەندییان بە سۆفیگەری و تەریقەتەوە هەیە و زاراوەی رێباز لەم گوتارەدا زاراوەیەکی ئاشنا و فرەپاتە وەک چۆن دەوترێ رێبازی قادری یان رێبازی نەقشبەندی لە سۆفیگەریدا. ئەم زاراوەیە لە مانای دووەمی خۆیدا سەرجەم ئەو شێوە و رێگە و تەنانەت مێتۆدە جیاجیایانە دەگرێتەوە کە لە گوتارە جیاوازەکاندا وەک ئایین، سیاسەت و ئەخلاق بەکار دەبرێن. هەربۆیە بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بۆ دەستنیشانکردنی کۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمی ئەردەڵان نادروستە. هەروەهاش، راستە لە ئەدەبی کوردیدا رێبازی ئەدەبیمان هەیە، بەڵام دەبێ بوترێ کە رێبازی ئەدەبی لە قوتابخانەی ئەدەبی جیاوازە و هەرکامیان پێناسە و تایبەتمەندیی تایبەتی خۆی هەیە.

بەکارهێنانی زاراوەی «قوتابخانە» بۆ پۆلێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەری لە ئەدەبناسیدا خۆیلەخۆیدا دیاردەیەکی مۆدێرنە. بە واتایەکی تر، تەنانەت لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ئەدەبی رۆژئاوایشدا تا بەر لە سەدەی هەڤدەهەم رووبەڕووی هیچ قوتابخانەیەکی ئەدەبی و هونەری نابینەوە. لە لایەکی تریشەوە، هاتنە ئارا و دامەزراندنی «قوتابخانە» پێویستی بە بەیاننامە، رەخنەی ئەدەبیی

هاومۆرک و تیۆریی ئەدەبیی یەکگرتوو و گشتگیر و تایبەت هەیە. جگە لەمەش، قوتابخانە ئەدەبییەکان لە ئەدەبی رۆژئاواییدا گرێدراون بە فەلسەفە و لایەنە جیاجیا کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسییەکانی شێوەی ژیانی ئەو سەردەمەوە کە تێیدا ئەو قوتابخانەیە گەشە و پەرەی سەندووە (Haghighi، ١٩٩٣: ٧-١٥). کەواتە، ئەم زاراوەیە ناتوانێ دەربڕی ئەو پۆلە بەرهەمە بێ کە لە سەردەمی ئەردەڵانەکاندا نووسراون، چونکە، هەر وەک دەزانرێ، ئەو بەرهەمانە لە لایەکەوە هەموویان تایبەتمەندیی هاوشێوەی شێوازناسانەیان تێدا نییە و، لە لایەکی تریشەوە، ئێمە خاوەنی بەیاننامە یان نووسینێکی روونکەرەوە و تیۆریک دەربارەی ئەو مۆرکانە نین کە لە سەر دەستی یەکێ لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە نووسرابێ.

لەم وتارەدا لە نێو ئەو زاراوانەی کە بۆ دیاریکردنی هاوشێوەیی و هاوچەشنیی شێوازناسانەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمی ئەردەڵان دێنە بەکارهێنان، لە زاراوەی «سونەتی ئەدەبی» یان «نەریتی ئەدەبی» کەڵک وەرگیراوە. ئەمەش ئەو نەریتەیە کە زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە پەیڕەوییان کردووە و لە لایەکەوە لە ژێر کاریگەرییدا بوونە و لە لایەکی تریشەوە بۆخۆیان پەرەیان پێداوە. ئەم نەریتە ئەدەبییە بە شێوەیەکی بەربڵاو لە بەرهەمی بێسارانی و لە سەدەی یانزەی کۆچیدا رەنگی داوەتەوە و پاشان خانای قوبادی لە سەدەی دوانزەدا پەرەی پێداوە و لە سەدەی سێزدەشدا لە سەر دەستی مەولەوی گەیشتۆتە لوتکەی بەرزی هونەریی خۆی. لەم نەریتە ئەدەبییەدا هەست بە چەندین ماکە هاوشێوەی شێوازناسانە دەکەین؛ بەڵام، بەکارهێنانی دەستەواژەی «شێوازی ئەردەڵانی» بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو بەرهەمانەی لەو سەردەمەدا دانراون ناولێنانێکی هەڵەیە چونکە، وەک پێشتر وترا، ئەو بەرهەمانە لە یەک شێواز پەیرەوی ناکەن و نموونەی ریزپەڕی وایان تێدایە کە لە باری شێوازناسییەوە یەکسەر پێچەوانەی ئەوانی ترن. جگە لەمەش، زاراوەی شێواز دەربڕی جۆرێ روانگەی تیۆریکی ئەدەبی و فەرهەنگی و یان فەلسەفییە و لە چەندین ماکە و تایبەتمەندی و بنەواشە پێکهاتووە. ئەردەڵان ناوی ئەو بنەماڵە و دەسەڵاتەیە کە فەرمانیان لەو ناوچانە بەدەستەوە بووە نەک ناونیشانی جۆرێک روانگەی فەلسەفی یان ئایینی یان ئەدەبی-کۆمەڵایەتی بۆ ژیان. هەروەهاش، لە ئەدەبی کوردیدا واتای چەمکی شێواز لە مانای یەکەمی ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی فارسیدا کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد جیاوازە.

کەواتـە، دەکـرێ بڵێین کـە لـە هەڵسـەنگاندنی ئـەدەبی کوردیـی پێش سـەدەی هاوچەرخـدا، رووبـەڕووی چەندیـن نەریـتی ئەدەبیـی جیـاواز دەبینـەوە وەک نەریـتی ئەدەبیـی ئـەردەڵان بـە زاراوەی گـۆرانی، نەریـتی ئەدەبیـی بابان بـە زاراوەی کرمانجی ناوەڕاسـت و نەریـتی ئەدەبیی بۆتـان یـان خالدییـەکان بـە زاراوەی کرمانجی سـەروو. هـەر چەند، لێرەشـدا باشـتر وایـە بوترێ «نەریـتی ئەدەبیـی زاڵی ئەردەڵانـەکان» چونکە هـەر لـە سـەردەمی ئەردەڵانەکانـدا و بـە تایبەت لـە کۆتاییەکانی دەسـەڵاتیاندا هەسـت بـە نەریتێکـی ئەدەبیـی یەکسـەر جیـاواز لەو نەریتـە زاڵە دەکـرێ؛ ئەمەش ئـەو نەریتەیە کـە لـە لایەکـەوە بـە زاراوەیەکـی تـری زمـانی کـوردی بەرهـەم دەخولقێنـێ و لـە لایەکـی تریشـەوە لـە بـاری تایبەتمەندییە شێوازناسـانەکانەوە بـە تـەواوی لـەو نەریتـە زاڵـە جیـاوازە. هەربۆیـە لەو زاراوانەی سـەرەوە تەنهـا زاراوەی «نەریـتی ئەدەبی»یە کە دەتوانـێ بـە تـەواوی دەبـڕی هاوچەشـنیی شێوازناسـانەی کـۆی ئـەو بەرهەمانـە بـێ کە لـەو سـەردەمەدا و بـە زاراوەی گـۆرانی خولقێنـدراون.[1]

## ٤- نموونەکان بۆ شیکاری لەم لێکۆڵینەوەیەدا

گەرچـی لـە سـەدەی یـازدەوە بـۆ سـەدەی سێزدەهەم چاومـان بـە گەلـەک بەرهەمـی ئەدەبی دانسـقە و بەرز دەکەوێ کە بە زاراوەی گۆرانی هاتوونەتە نووسـین، بەڵام، لەم لێکۆڵینەوەیەدا سـێ نموونە شـێعری سـێ شاعیری هەڵکەوتوو لە سـێ سەدەی جیاوازدا وەکـوو نموونـە دەخەینـە بـەر هەڵسـەنگاندن. لـە سـەدەی یازدەهەمدا تیشـک دەخەینە سـەر شـاعیری گـەورەی ئـەو دەورەیـە، مسـتەفا بێسـارانی؛ لـە سـەدەی دوازدەهەمـدا ئـاوڕ لـە شـێعرەکانی خانـای قوبـادی دەدەینەوە؛ لـە سـەدەی سێزدەهەمیشـدا نموونەی شـێعری شـاعیری بـەرزی ئـەم سـەردەمە، مەولـەوی، دەهێنینـەوە. هەڵبەت لـەم وتارەدا بەرهەمـی ئـەم سـێ شـاعیرە وەکـوو نموونـە لـەو بەرهەمانـە هێنراوەتـەوە کـە خـاوەنی هاوشـێوەیی شێوازناسـانەن کە ژمارەی ئەم بەرهەمانەش زۆرن؛ گەلەک شـاعیری دیکە لـەم نەریتـە ئەدەبییـەدا بەرهەمەکانیـان لە رووی شێوازناسییەوە هاوشـێوە و هاوچەشـنی ئـەو سـێ نموونەیـەن؛ بـۆ وێنـە، لـە بەرهەمـەکانی وەلی دێوانـە و مەسـتوورەدا هەسـت

۱- هەڵبـەت بـە سـەرنجدان بـەوەی کـە زۆربـەی رەخنـەگـران لـە ئـەدەبی کوریـدا لـە زاراوەی رۆمانتیسـیزم بـۆ دەستنیشـانکردنی شـێوازی بەرهەمـەکانی مەولـەوی و بـە تایبـەت کاریگەریـی ئـەم شـێوازە لەسـەر سـەرهەڵدانی شـێعری نوێـی کـوردی و شـێعری عەبـدوڵا گـۆران کەڵک وەردەگـرن، دەتوانین شـێوازی بەرهەمە شـێعرییەکانی وێژەی گـۆرانی بـە «رۆمانتیسـیزمی کـۆن» و شـەپۆلی شـێعریی گـۆران بـە «رۆمانتیسـیزمی نـوێ» نـاو بەرین.

بەو هاوشێوەییە شێوازناسانە دەکرێ. هەرچەند دەبێ ئاماژەش بەوە بکرێ کە هەر لەم سەردەمەدا چەند شاعیرێک لە ئارادا بوونە کە چ لە رووی زاراوەوە و چ لە رووی شێوازەوە لەو سێ شاعیرە و لە زۆربەی شاعیرانی ئەو سەردەمە جیاوازن. بۆ نموونە، سالمی سنە و مەجدی لە شاعیرە بەرچاوەکانی سەردەمی ئەردەڵانن کە بە زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست و بە پێی کێشی عەرووزی چەندین بەرهەمی رەنگینیان داهێناوە. هەربۆیەش، دەتوانین لێرەدا ئەو پۆلێنبەندییە بدرکێنین کە ئێمە خاوەنی دوو نەریتی ئەدەبیی جیاوازین لە سەردەمی ئەردەڵانەکاندا: نەریتی زاڵ و زۆرینە و نەریتی کۆتایی و پەراوێزی. بێسارانی، خانای قوبادی، مەولەوی، وەلی دێوانە و مەستوورە سەر بە نەریتی ئەدەبیی زاڵن و مەجدی و سالمی سنە سەر بە نەریتی ئەدەبیی کۆتایی یان پەراوێزی. لێرەدا سێ نموونە لە شێعرەکانی نەریتی ئەدەبیی زاڵی ئەردەلان دەهێنینەوە:

١- نموونەی یەکەم شێعرێکی مستەفا بێسارانییە لە سەدەی یازدەهەمی کۆچی:

| | |
|---|---|
| شیرین شەرم نیەن، شیرین شەرم نیەن | شیرین پەی خاسان، شەرت هەن شەرم نیەن |
| پەی چێش مەواچان حیجاب خاس نیەن | جە ئافتاو خاستەر کەسێ کێ دیەن؟ |
| ئەگەر پەی خاسان حیجاب خاس مەدی | ئافتاب و مەهتاب هیچ کەس نمەدی |
| کەسێ وێنەی تۆ شەم بۆ جەمینش | لازم پەروانان مەیان وە دینش |
| ئێمەیچ پەروانەی شەم شوناسانیم | پەڕوباڵ سفتەی دینە خاسانیم |
| میللەتی پاک دین پێغەمبەرانیم | نەک جە تایفەی کەم نەزەرانیم |
| بنمانە جەمین نووری پاکتەن | ئەر تۆ پاکەنی، جە کێ باکتەن؟ |

(بێسارانی، ١٣٧٥: ٦-٣٦٥)

٢- نموونەی دووەم پارچەیەک لە بەرهەمەکانی خانای قوبادییە لە سەدەی دوازدەهەمی کۆچی:

| | |
|---|---|
| هەیهەی جەو فەسڵ ئالای پڕزەوقە | جەو شەمیم بەزم سارای پڕشەوقە |
| جەو بەهەشتئاباد فەرەح ئەنگێزە | جەو فەزای فەڕەبەخش بۆی عەنبەربێزە |
| فەسڵێ بەو خاسی بەو دڵ نەوازی | تەماشاش پووچەن بێ عێشقبازی |
| بە شەو تا بە رۆ، بە رۆ تا بە شەو | چەنی بەزم ساز شیرین و خوسرەو |

جەو گوڵزارەدا گوڵ گەشت مەکەردەن    جام بادەی ناب تێشدا مەوەردەن
(خانای قوبادی، ۱۹۷۷: ۱۸٦)

۳- نموونەی سێیەم شێعرێکی مەولەوی تاوەگۆزییە لە سەدەی سێزدەهەمی کۆچی:

پەژارەت شادیم جە بێخ ئاوەردەن    دووریت ریشەی دڵ خەیمەکەن کەردەن
فیراقت فەرقم وە تووتیا کەرد    جاییت ئازام جە هەم جیا کەرد
وەسواسەت وەی تەور ئێش دان وە جەرگم    وە مەرگت قەسەم رازیم وە مەرگم
وێت بدەر ئینساف نەو نەمام نۆ    مەردەن خاستەرەن یا خۆ دووریی تۆ
مەردەن یەک ساتەن ئەرواحەکەی وێم    دووریت هەر ساتێ سەد مەرگەن پەرێم
مەر جەستەی خەستەی من جە فوولادەن    یەند دووریت وینۆ هێمان دڵ شادەن
دەک رەحمەت لەو قەبر گشت وەفاداران    خسووسەن ئەو کەس شای وەفاداران
(مەولەوی، ۱۹٦۱: ۹-۱۲۸)

### ۵- تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی فۆرم و ناوەرۆک

الف) لە سەرجەم شێعرەکانی دیوانی مەولەویدا کێشەکان بڕگەیین.[۱] لە دیوانی بێسارانیدا هەر بە هەمان شێوە کێشەکان بڕگەیین. هەر ئەم تایبەتمەندییەش لە خوسرەو و شیرین-ی خانای قوبادیدا دەبیندرێ. لەو سێ نموونە شێعرەی سەرەوە، کێشەکان بڕگەیی و بە شێوەی ۵+۵ داڕێژراون. کێشی بڕگەیی بە تەواوی لە کێشی عەرووزی جیاوازە. کێشی عەرووزی لە ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی و فارسیدا کێشی زاڵی نێو بەرهەمەکانە، کەچی وەک دەبیندرێ لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا رەچاو نەکراوە و بەکار نەهێنراوە.

خاڵی جێی سەرنج ئەوەیە کە کێشی بڕگەیی نەک هەر لەم سێ نموونە شێعرەی سەرەوەدا بەڵکوو لە زۆربەی هەرە زۆری بەرهەمە ئەدەبییە کوردییەکانی سەردەمی ئەردەڵانەکاندا بەکار هێنراوە. جگە لە چەند نموونەیەکی دەگمەن لە کۆتایی دەورەی ئەردەڵانەکاندا، وەک لە شێعرەکانی سالمی سنە و مەجدیدا، کێشی بڕگەیی کێشی زاڵی نێو سەرجەم ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەیە کە لە سەردەمی

۱- بڕوانە بۆ تێزی دوکتۆرای ئەنوەر قادر محەممەد، مەولەوی، شاعیری لیریکای گەورەی کورد، ۲۰۰۳.

ئەردەڵانەکاندا هاتوونەتە بەرهەم.

دیسانەوە، خاڵی هەرە گرنگ لێرەدا ئەوەیە کە شاعیرانی کوردی دەورەی ئەردەڵانەکان بە هۆشیاریی تەواوەوە ئەم کێشەیان لە شێعرەکانیاندا بە کار هێناوە. مەولەوی لە «دارالاحسان»دا عەرووزی دەرس داوە کەچی بۆخۆی لە یەک شێعری کوردیشیدا عەرووزی بەکار نەهێناوە. خانای قوبادی‌یش بە حوکمی ئەوەی لە بنەماڵەیەکی خوێنەواردا پەروەردە بووە و ئاگاداری زانستە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە و بە تایبەت ئەدەبی کلاسیکی فارسی بووە، بە تەواوی شارەزای زانستی عەرووز بووە کەچی لە شاکارەکەیدا سەرجەم دێڕەکان بە پێی کێشی بڕگەیی هۆنراونەتەوە. دیسانەوە، بێسارانی-یش لە حوجرەکانی سەرەتای سەدەی یازدەهەمدا وەکوو فەقێ خوێندوویەتی و ئاگاداری عەرووزی عەرەبی و فارسی بووە کەچی لە دیوانەکەیدا شێعرەکان دە کەرتی و لە شێوەی ٥+٥ن. بە هەمان شێوە، مەستوورە لە شێعری فارسیدا عەرووز بەکار ئەهێنێ کەچی لە زۆربەی هەرە زۆری شێعرە کوردییەکانیدا کێشەکان بڕگەیین. ئەم تایبەتمەندییە لە بەرهەمەکانی وەلی دێوانە و تەنانەت ڕەنجووری-شدا دەبیندرێ کە شوێنی ژیانی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان زۆر دوور بوو. کەواتە، یەکێک لە گرنگترین تایبەتمەندییە شێوازناسانەکان لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا بریتییە لە بەکارهێنانی کێشی بڕگەیی کە کێشێکی ڕەسەن و خۆماڵییە و لە بنەڕەتدا لەگەڵ کێشی عەرووزیدا ناتەبایە.

ب) یەکێ لە ڕێگە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنی شێوازی بەرهەمێکی ئەدەبی بریتییە لە سەرنجدان بە جۆری شێوازی زمانی و هەڵبژاردنی وشەکان (diction). وشەکان لە ڕووی ئێتیمۆلۆژی و ڕەچەڵەکناسییەوە دەچنەوە سەر کام زمان و میرات؟ ئایا ژمارەی ئاوەڵناوە تێکەڵەکان زۆرە یان کەم؟ ئایا لە بەرهەمەکەدا وشەکان تەنها لە شێوەزارێکی تایبەتەوە وەرگیراون یان لەو بەرهەمەدا وشەی شێوەزار و بنزاراوەکانی تریش ئامادەن؟ ئایا زاراوە زانستییەکان، واتە ئەو زاراوانەی پێوەندییان بە کیمیا و بیرکاری و مەنتیق و فەلەکناسییەوە هەیە، لە بەرهەمەکەدا دەرکەوتوون؟

بە سەرنجدان بەو سێ نموونەی سەرەوە و بە ئاوڕدانەوە لە سامانی وێژەی گۆرانی ئەوەمان بە سانایی بۆ دەردەکەوێ کە هەرچەندە ناوبەناو ڕووبەڕووی وشەی عەرەبی دەبینەوە، بەڵام ئەم وشە عەرەبیانە هەمان ئەو وشانەن کە بوونەتە موڵکی زمانی فارسی و ماناکەشیان لەو زمانەدا گۆڕاوە. بە بەراورد لەگەڵ نەریتە

ئەدەبییەکانی تری ئەدەبی کوردی، ژمارەی وشە عەرەبییەکان لە نەریتی ئەدەبیی ئەرەدەڵاندا زۆر کەمترە. لێرەدا، بە پێچەوانەوە، ئەمە وشە فارسییەکانن کە لە دەقەکاندا دەرکەوتوون. جیاوازی لەگەڵ نەریتی ئەدەبیی بابانەکان لە لایەکەوە و نزیکایەتی و هاوڕەگی لەگەڵ زمانی فارسی لە لایەکی ترەوە دوو هۆکاری سەرەکین بۆ هەڵبژاردنی وشەی فارسی لە ئەدەبی گۆرانیدا. بۆ نموونە، لەو سێ نموونە شێعرییەی سەرەوە چاومان بەم وشانە دەکەوێ کە کەمتر لە شێعری قوتابخانە و نەریتە ئەدەبییەکانی تردا بە کار هێنراون: ئافتاب، مەهتاب، پەروانە، شوناسان، بەهەشت‌ئاباد، فەرِبەخش، دڵنەوازی، خەستە، و فووڵاد.

لە لایەکی ترەوە، شێعری گۆرانی دەربڕینی خۆماڵیی زمانێکی ئاساییە. ئەگەر سامانی ئەدەبی گۆرانی بخرێتە بەر پشکنین، ئەم خاڵەمان بەڕاشکاوی بۆ دەسەلمێندرێ کە زمانی شێعری لە ئەدەبی گۆرانیدا ئاسایی و ساکارە و لە کەمتر شوێنێکدا وشەکاریی کلاسیستی تیایدا بەدی دەکرێت کە ئەمەش بۆخۆی تایبەتمەندیی سەرەکیی شێعری رۆمانتیکە. هەروەها کە ویلیام وۆردزوۆرس لە پێشەکی دیوانەکەیدا لە ساڵی ۱۸۰۰ و ڤیکتۆر هۆگۆ لە پێشەکی شانۆنامەی کڕامویل لە ساڵی ۱۸۲۸دا ئاماژەیان بۆ کردووە، بەرهەمی رۆمانتیکی ئەبێ سادە و ئاسایی بێ و، بە وتەی وۆردزوۆرس، هەمان زمانی قسەکردنی خەڵکی لادێ بێ. بۆ نموونە، یەکەم دێڕی دیوانەکەی مەولەوی دەربڕینێکی ئاساییە لە زمانێکی ئاسایی و لەسەر شێوازێکی ئاسایی:

ئیمشەو تەنیا بی جەستەی زەبوونم    دیسان سەر واز کەرد دڵەی پڕهوونم
(مەولەوی، ۱۳۷۱: ۲)

لە لایەکی ترەوە، وۆردزوۆرس ئاماژە بۆ ئەو خاڵەش دەکات کە شێعر هەڵقوڵاوی هەستێکی بەسۆزە کە ئەم تایبەتمەندییەش لە بەشێکی زۆری وێژەی گۆرانیدا خۆی دەنوێنێ، چونکە وەک دەزانرێ، بەشێکی وێژەی گۆرانی لە ژێر کاریگەریی رێبازەکانی تەریقەت و سۆفیگەریدایە، بۆ نموونە، سۆزی سۆفیەتی وای لە مەولەوی کردووە کە شێعری لە ناخی پاک و بێگەردییەوە هەڵقوڵێ. مەولەوی موریدی شێخ سەراجەددین و دواتر شێخ زیائەددین بووە و شێعرەکانیشی پڕن لە هەستی بەسۆز و چەشە و دڵداری بەرانبەر بە پیر و مورادەکەی:

شێخی دەوڵەمەند بەهرەی سەرمەدی    بیاگەی حەقیقەت جیلوەی ئەحمەدی

جە شەو هەوارگەی فەنا ویەردە پای هەردەی بەقا یاتاغگە کەردە
(هەمان، ٢٩٨)

پاش خوێندنەوەی شیعری گۆرانی پێویستە دوو خاڵ لە بەر چاو بگیردرێ: یەکەم، شیعری گۆرانی هەڵقوڵاوی ناخی بێخەوشی شاعیرە و لەبەر ئەوە رەسەنن کە دەستکاری کراو نین؛ واتە، شاعیری کلاسیست بۆ پێڕەوی کردنی کێشی عەرووزی توانا و مەودای بەکارهێنان و هەڵبژاردنی هەر چەشنە وشەیەکی نییە و کاتی واش هەیە چەند جار بە سەر شیعرەکەیدا دێتەوە و وشەکان پاش و پێش دەکات، بەڵام لە تیۆریی رۆمانتیسیزمدا شیعر وەکوو «وەحی» وایە و بە هەر شێوەیەک هەستی شاعیر هاتە بزواندن هەر بەو شێوەیەش ئەبێ لە رێگەی زمانەوە دەری ببڕێ. هەر وەک چۆن لە چەندین شوێنی قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەوە کراوە کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) پێویستە بێ‌دەستکاری‌کردن ئایەتەکانی خوای گەورە بگێڕێتەوە.

لە زاراوەی گۆرانیدا بنەواشەی سروشتێتی بە تەواوەتی دیارە و جۆرێک هاوتەبایی لە نێوان ئەم زاراوەیە و رەوانی و بێگەردی سروشتی هەورامانـدا دەبیندرێ. زاراوەی گۆرانی تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ نەیتوانیوە بە تەواوەتی لەو تایبەتمەندییە سروشتییەی خۆی دەرباز بێ. ئەم رەهەندە لە زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست و بە تایبەت لە بنزاراوەی سۆرانیدا نابیندرێ و لێرەدا زمانەکە، بە تایبەت لە کۆتایی سەدەی بیستەم بەم لاوە، رووبەڕووی گەلێک پرسی جیاجیا وەک بابەتێتی (objectivity) و دەرهەستکاری (abstraction) و بەرهەستکاری (concretization) بۆتەوە.

بنەواشەی سروشتی لە زاراوەی گۆرانیدا و رەهەندی پێش‌مۆدێرنی ئەم بنەواشەیە جۆرێک لە تایبەتمەندیی سروشتی داوەتە ئەو بەرهەمانەی بەم زاراوەیە نووسراون. هەربۆیە، بەرهەمەکانی نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵان لە بەرهەمی سەر بە نەریت و قوتابخانەکانی تر نەرمتر و رەوانترن و تەعبیر لە سۆز و هەستێکی قووڵی مرۆڤانە دەکەن؛ ئەو هەستەی لە سیاچەمانە و هۆرەشدا دەبیندرێ. جۆش‌وخرۆشی سۆفیانە لە لایەکەوە و دەنگ و شێوەی دیاردە سروشتییەکان لە لایەکی ترەوە بە باشترین شێوە و بە رەوانی لە زاراوەی گۆرانیدا دەنوێندرێنەوە.

ج) بەکارهێنانی قاڵبێکی ئەدەبیی دیاریکراو یەکێکە لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی نەریتە ئەدەبییەکان. لە وێژەی گۆرانیدا زۆر بە دەگمەن چاومان

بە قاڵبێکی وەک غەزەڵ دەکەوێ. لێرەدا لە زۆربەی کاتەکاندا قاڵبی ئەدەبیی بەکارهێنراو جووتسەروایە. هەرچەند لە چەندین قاڵبی ئەدەبیی دیکەش وەک یەک کۆپلەیی، دوو خشتەکی، و قەسیدە سوود وەرگیراوە، بەڵام جووتسەروا قاڵبی ئەدەبیی زاڵی نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵانە. وەک لەو سێ نموونەیەی سەرەوەدا دەبیندرێ، قاڵبی ئەدەبیی ئەو شێعرانە جووتسەروایە.

هەر بەم پێیە دەتوانین بڵێین کە ئەم شێعرانە بە گشتی دەچنە خانەی لیریکەوە (lyric). لیریک یەکێکە لە سێ ژانری سەرەکیی شێعر و بۆخۆی چەندین قاڵبی ئەدەبی وەک جووتسەروا، قەسیدە، و غەزەڵ دەگرێتەوە. بەڵام لە نێو ئەم قاڵبانەدا جووتسەروا لە باری نزیکایەتی لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی لیریک پشکی شێری بەرکەوتووە. بە واتایەکی تر، قاڵبی غەزەڵ بە هۆی وشەکاریی زۆرەوە و بە هۆی کێشی عەرووزی و لەبەر ئەوەی کە سەرواکان تەنها لە کۆتایی کۆپلەکاندا دووبارە دەبنەوە کەمتر لەگەڵ مۆرکە ئاشناکانی لیریکدا رێکدەکەوێ. جووتسەروا بەو شێوەیەی لە شێعرەکانی نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا بەکار هێنراوە بە یەکێک لە باشترین و رەوانترین نموونەکانی لیریکی کوردی ئەژمێردرێ.

د) بەکارهێنانی ئەو هونەرانەی دەچنە خانەی ئۆلگووە دەنگییەکانەوە یەکێکی تر لە تایبەتمەندییە شێوازناسانەکانی بەرهەمە ئەدەبییەکانی نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵان پێکدەهێنێ. ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەو سێ نموونە شێعرییەی سەرەوە بدەین، بە سانایی تێدەگەین کە لە هەموویاندا هەندێ تەکنیکی دەنگیی ئاشنا بەکار هاتوون. لە لایەکی ترەوە، سەروای ناوەکی، واتە سەروای ئامادە لە یەک دێڕدا و پاش تەواوبوونی پێنج کەرت لە دێڕەکە ئامادەیە. بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە کە بۆخۆی دەربڕی ئەو هەستەیە کە لێوانلێوە لە خەلسە و سۆز و جۆش‌وخرۆشی سۆفیانە، لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا بە تەواوەتی دەرکەوتووە و کەمتر لە نەریتە ئەدەبییەکانی تری ئەدەبی کوردیدا دەبیندرێ. لە زۆربەی کاتەکاندا هەر کام لە دێڕەکان بۆخۆیان دەبنە دوو بەشەوە و بە هۆی وەستانێکەوە لێکدی جیا دەبنەوە. ئەمەش خەسڵەتی سەرجەم بەرهەمە رەسەنەکانی ئەدەبیاتی هەموو نەتەوەکانە. ئەم وەستانە کە بە سیژورا (caesura) ناسراوە یەکەی مانایی دێرەکانیش دەکا بە دوو بەشەوە.

جگە لەم تایبەتمەندییە دەنگییانە، ئەم بەرهەمانە هەڵگری زۆرێک تەکنیک و هونەری گوتەیی و دەنگین. بۆ وێنە، دووبارەبوونەوەی پیتگەلی «ش»، «گ» و

«ف» لەم کۆپلانەدا بە باشترین شێوە پیشاندەری تەکنیکی «هاونشینیی دەنگ»ە (alliteration).

شیرین شەرم نیەن، شیرین شەرم نیەن
شیرین پەی خاسان، شەرت هەن شەرم نیەن

(بێسارانی)

جەو گوڵزارەدا گوڵ گەشت مەکەردەن جام بادەی ناب تێشدا مەوردەن
(خانای قوبادی)

فیراقت فەرقم وە تووتیا کەرد جیاییت ئازام جە هەم جیا کەرد
(مەولەوی)

هەر بە هەمان شێوە، بەکارهێنانی چەندین پیتی دەنگداری بڵند و خولقاندنی ئیماژێکی دیداری (visual imagery) لەم دوو کۆپلەیەی خوارەوەدا بە مەبەستی زەقکردنەوەی ئەو دیمەنەی خوسرەو و شیرین تێیدا خەریکی رابواردنن، نموونەیەکی باشە بۆ گرنگیدانی شاعیرانی سەر بەم نەریتە بە تەکنیک و ئۆلگووە دەنگییەکان لە لایەکەوە و بەکارهێنانی ئیماژ و وێنەی خەیاڵکرد لە لایەکی ترەوە. بوونی ئیماژ یان وێنەی خەیاڵی لە دەقێکی ئەدەبیدا بە تایبەتمەندییەکی باشی ئەو دەقە ئەژمێردرێ. جان درایدن شاعیری ئینگلیسی سەدەی حەفدەهەم «وێنە دروستکردن» بە تەشقی ژیانی شێعری دادەنێ و شەفیعی کەدکەنی «وێنەی خەیاڵی» بە «جەوهەری بنەڕەتی»ی شێعر لە قەڵەم دەدات. ئاروین مێهرەگان-یش لە کتێبی دیالێکتیکی هێمادا دەڵێ: «شێعر چەشنە هزرێکی وێنەییە نەک کۆشکێکی رازاوە لە وشە» (اخوت، ١٣٧٨: ٢٢-٩).

بێجگە لەمەش، بەکارهێنانی چەندین پیتی کپ لە تەنیشت چەندین پیتی گڕ بە مەبەستی پیشاندانی ئەو جۆش-وخرۆشەی لەو ساتەدا ئەو دوو کەسە دادەگرێ بایەخی ئەم جۆرە تەکنیکانە لای شاعیر پیشان دەدات. دیسانەوە، بەکارهێنانی چەندین ئاوەڵناوی تێکەڵ وەک «پڕزەوق»، «پڕشەوق»، «فەرەحئەنگێز»، «فەڕبەخش» و «عەنبەر بێز» بە مەبەستی خستنە رووی فرەڕەنگی و دەوڵەمەندیی ئەو دیمەنە چ لە رووی کەلوپەلەکانەوە و چ لە رووی هەستی ئەو دوو ئەویندارەوە بە باشترین شێوە بە ئەنجام گەیشتووە:

هەیهەی جەو فەسڵ ئالای پڕزەوقە جەو شەمیم بەزم سارای پڕشەوقە

جـەو بەهەشـت‌ئاباد فەرەح‌ئەنگێـزە  جـەو فـەزای فەرپەخـش بـۆی عەنبەربێزە

ناوەدەنـگ (onomatopoeia) لـە نـاو ئـەو تەکنیکانـەی سـەر بـە ئۆلگـووە دەنگییەکانـن بـە تایبـەتی لـە شـێعری مەولـەوی‌دا بـە زۆری رەنگـی داوەتـەوە.(۱۱) (پاوئرقـی ۱۱بڕوانـە بـۆ کلێـوم عێمان‌پـور، زیبایی‌شانسـی دیـوان اشـعار مولـوی کـرد، سـلیمانیه: اداره فرهنـگ، ۲۰۱۰.) . لـەم کۆپلەیـەی خانـای قوبادی-شـدا چ لـە دێـری یەکەمـدا کـە جـۆرێ دووبارەبوونـەوەی مێلۆدیئاسـای تێدایـە و چ لـە دەسـتەواژەی «چـەنی بـەزم سـاز» لە دێـڕێ دووەمدا رەنگدانـەوەی ئەو نۆتـە موسـیقاییانە دەبینین کە باربـود، مۆسـیقاری بەناوبانگـی دەربـارەی خوسـرەو پەرویـز، بۆ پاشـای سـازکردبوو و تێیـدا لـەرەی هاوئاهەنگـی لـەش و سـەمایەکی ئـارام هەسـت پێ‌دەکـرێ:

بـە شـەو تـا بـە رۆ، بـە رۆ تـا بـە شـەو  چـەنی بـەزم سـاز شـیرین و خوسـرەو

هــ) سـەرەڕای دەرکەوتنی ئەم تەکنیکـە گوتەییانە لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نەریتی ئەدەبیـی ئەردەڵانـدا، دەتوانـین بڵێـین کـە بـە لای شـاعیرانی ئـەم نەریتەوە دەرخسـتنی نـاوەرۆک و گرنگیـدان بـە بابـەتی بـەر بـاس لـە سـەرجەم دێـڕەکانی شـێعرەکەدا گەلـەک گرنگتـر بـووە لـە وشـەکاریی ئاشـنای نێو ئـەدەبی کلاسـیک. هەربۆیـە، گەر بەراوردکارییـەک لـە نێـوان بەرهەمـەکانی نەریـتی ئەدەبیـی ئـەردەڵان و بابانـدا ئەنجام بدەیـن، تێدەگەیـن کـە گرنگیـدان بـە شـێوە و روخسـار و بایـەخ دان بـە وشـەکاری لە نەریـتی ئەدەبیـی بابانـدا زۆرتـر رەچـاو کراوە.

گرنگیـدان بـە نـاوەرۆک و مانـا و بابـەتی بەربـاس لـە شـێعری گـۆرانیـدا وای کـردووە کـە سـەرجەم شـێعرەکە خـاوەنی یەکێتییەکـی ئەندامـوار (organic unity) بـێ. بـە پێچەوانـەی شـێعری کلاسیسـتی کـوردی کـە هـەرکام لـە بەیتـەکان بۆخۆیـان چەشـنە سـەربەخۆییەکیان هەیـە و شـاعیر دەیـەوێ تـەواوی بابەتەکـە بترینجێنێتـە نێـو تاقە بەیتێکەوە، لە بەشـێکی زۆری شـێعری گۆرانیدا بابەتی شـێعرەکە بە سـەر سـەرجەم دەقەکـەدا بـڵاو کراوەتـەوە. زاراوەی یەکێـتی ئەندامـی (Organic Unity) کـە لـە زانسـتی زیندەوەرناسـییەوە هاتۆتـە نێـو رەخنەی ئەدەبییـەوە باس لـەوە دەکات کە هەر دەقێکـی ئـەدەبی دروسـت وەک لەشـی گیانلەبەرێـک ئەبـێ دوو تایبەتمەنـدی هەبـێ: یەکـەم، سـەرجەم ئەندامـە پێویسـتەکان لـە بەرهەمەکـە یـان لـە لەشـی گیانلەبەرەکـەدا هەبـن؛ دووەم، ئـەم ئەندامانـە پێکەوە هـاوکاری بکەن. لە بەرهەمە شـێعرییەکانی ویژەی گۆرانیـدا وەهـا تایبەتمەندییـەک وە بـەر چـاو دەکـەوێ.

لە لایەکی ترەوە، لە شێعری کلاسیکی عەرەبی و فارسی و کوردیدا و بە تایبەت لە غەزەڵدا بە ژمارەی کۆپلەکان یەکێتی ئەندامواریش لە گۆڕێدایە. لە غەزەڵدا هەر کام لە کۆپلەکان لە باری مانابییەوە سەربەخۆن و هەر کۆپلەیەو باسی دیاردە و شوێن و چیرۆکێک دەکات؛ لە غەزەلدا کۆپلەکان تەنها بە هۆی یەکێتی سەرواوە و هاوچەشنیی کێشەوە پێکەوە بەستراونەتەوە و کۆیەک بەناوی غەزەڵیان دروست کردووە. لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا، بەڵام، لە زۆربەی کاتەکاندا هەر شێعرەو دەربارەی بابەتێکە؛ کەچی لە غەزەڵدا هەر کۆپلەیەک دەربارەی بابەتێکە. هەربۆیە، لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا لە هەر شێعرێکدا هەست بە یەک یەکێتی ئەنداموار دەکرێ؛ واتە ، لێرەدا یەک یەکەی مانایی گەورە هەیە و سەرجەم کۆپلەکان بەشدارن لە تەواوکردنی ئەو یەکە ماناییەدا. لێرەدایە کە پێوەندییەکی دوو لایەنەیە لە ئارادایە لە نێوان کۆپلە وەک پاژێکی خاوەن یەکەی مانایی بچووک و کۆی شێعرەکە وەک گشتێکی خاوەن یەکەی مانایی گەورە. ئەم پێوەندییەی نێوان پاژ و گشت (جزء و کل) لە باری ماناییەوە لە غەزەلدا نابیندرێ چونکە یەکەی مانایی کۆپلەکان لە غەزەلدا پێوەندییان پێکەوە نییە.

و) سروشت لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی نەریتی ئەدەبیی گۆرانیدا خاوەن جێگە و پێگەیەکی بەهێزە. سروشت لێرەدا دەبێتە هەڵگری خەسڵەتێکی رۆحانی؛ سروشت لێرەدا دەبێتە سەرچاوەی سرووش بۆ شاعیر. دیاردە سروشتییەکانیش بە دەنگ و رەنگیانەوە لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا بە شێوەیەکی هونەری نوێندراونەتەوە.

یەکێک لە هۆکارەکانی گرنگایەتی پێگەی سروشت لە نەریتی ئەدەبیی گۆرانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئامادەبوونی بیری سۆفیتی لەم نەریتەدا. وەک دەزانرێ سۆفیزم (واتە، سۆفیگەری) لە رێبازە جیاجیاکانیدا لە سیستەمی فەرهەنگیی سەردەمی ئەردەڵاندا خاوەنی پلە و پایەیەکی دیار بوو. بێسارانی و مەولەوی دوو شاعیری گەورەی سەر بە رێبازی سۆفیگەرین لەم نەریتەدا. یەکێک لە بنەواشەکانی سۆفیگەری بریتییە لە بیرۆکەی «وحدت الوجود». بە پێی ئەم بیرۆکەیە داهێنەر و داهێنراو، خولقێنەر و خولقێنراو، واتە خوا و سروشت، یەکدەگرنەوە و جۆرێک ئەمئەوێتی (واتە، اینهمانی) لە نێوانیاندا چێ ئەبێ.[1]

١- ئەم زاراوەیە لە فەلسەفە و حیکمەتی ئیسلامیدا و بە زمانی عەرەبی بە مەنتیقی «هوهو» ناسراوە و لە ئینگلیسیشدا بە identity ناودەبرێ. بۆ پێوەندیی نێوان مەنتیقی «هوهو» و بیرۆکەی «وحدت الوجود» بڕوانە بۆ

دیاره، شاعیری سۆفییش لەم ئەمئەویتییە بێبەش نییە و ئەویش بۆخۆی لە هەوڵ و تەقالادایە بۆ بوون بە بەشێک لەم یەکانگیرییە. ئاماژە فرەپاتەکان بۆ سروشت لە شێعرەکانی نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا و بە تایبەت لە بەرهەمی شاعیرانی سۆفیدا پیشاندەری پێگە و بایەخی ڕۆحانیی سروشت و توخمە سروشتییەکانە. لە پاڵ ئەمانەشدا، هەر سەبارەت بە گرنگیدانی شاعیرانی هەورامی و بە تایبەت مەولەوی بە سروشت لە ڕووی چۆنیەتی نواندنەوەی ئەدەبییەوە، خورشید ڕەشید ئەحمەد دەڵێ:

... مەولەوی یەکەم شاعیری کوردە کە توانیویەتی وەسفێکی جوانی سروشتی ئەم خاکەمان بۆ بکات. لە وێنە و تابلۆکێشاندا وەک جوانناسێک بە شێوەیەکی جوان و قەشەنگ پیشان دراون، لە هەر چوار وەرزی ساڵدا وێنەی کەش و زیندووی ناوچەکەی بە شێوەیەکی وا هونەرمەندانە نیگار کێشاوە کە لە زۆر شوێندا واقیعی بێت و بە شێوەی کامێرایەکی فۆتۆگرافی وێنە و تابلۆی ئەو دیمەنانە بە خەیاڵێکی ناسکی ڕۆمانتیکی وەسف بکات (ڕەشید ئەحمەد، ۱۹۸۹: ۷۸).

هەر لە درێژەی ئەو باسەی سەرەوەدا، پێویستە بوترێ سروشت لە وێژەی گۆرانیدا بایەخێکی ڕۆحی و مەعنەوی بەرچاویشی هەیە. شاعیر لەم نەریتەدا وەکوو پێغەمبەرێک دەچێتە ناو سروشتەوە و ئەرکی ئەوەی لە ئەستۆیە لە ڕازە ڕۆحییەکانی سروشت تێبگات و بۆ خەڵکی بگێڕێتەوە چونکە سروشت خاوێن و بێگەردە و لە قورئانی پیرۆزیشدا چەند جار ئاماژە بۆ ئەم بابەتە کراوە کە سروشت نیشانەی پاکی و گەورەیی خوایە لە سەر زەوی. ئەوەتا شاعیری دڵپاکی ناوچەی هەورامان سەرنجی خۆی بۆ لای سروشتی بێگەرد و خاوێن ڕادەکێشێ و لەمەڕ پاکی و نەگۆڕی سروشت قسە دەکات و ئیدی لەو بۆچوونە کلاسیستەی سەدەی هەژدەهەمی ڕۆژئاوا دوور دەکەوێتەوە کە مرۆڤی ئاوەزیار و هزرخوازی ئەو دەمە هەوڵی دەدا تاکوو هەموو شتێک تەنانەت سروشتیش دەستکاری بکات و بە شێوەی پارک و سەیرانگای ناوشار دەربێنێ.

ز) ئەگەر گرنگایەتی دەرکەوتنی دوانەی عەقڵ/ هەست لە شێعردا ڕەچاو بکەین،

گل بابا سعیدی، فرهنگ جامع اصطلاحات عرفانی ابن عربی، تهران: انتشارات زوار، ۱۳۸۷، صص. ۱۱۰۰-۱۰۹۷ و ۱۱۶۳-۱۱۶۱. بۆ شیکاریی ئەم زاراوەیە لە فەلسەفەی ئیدیالیزمی ئاڵمانی و بە تایبەت لە هێگێلدا بڕوانە بۆ:
Frederick Beiser، Hegel، London: Routledge، ۲۰۰۵، p. ٦١)

تێدەگەین کە لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا هەردەم هەستێکی پڕ لە جۆش‌وخرۆش و بەسۆز لە ئارادایە کە خەیاڵی داهێنەری شاعیر دەیکاتە بەرهەمێکی هونەری. هەر بۆیە لەم نەریتەدا بە دەگمەن رووبەڕووی دەرکەوتەکانی عەقڵێکی وردبینی لێکدەرەوە دەبینەوە؛ ئەو عەقڵە لێکدەرەوەیەی لە نەریتی ئەدەبیی باباندا وە بەرچاو دەکەوێ. ئەو زاراوە فەلسەفیانەی لە نەریتی ئەدەبیی باباندا و بە تایبەت لە بەرهەمەکانی نالی و مەحویدا بەکار هاتوون کەمتر لە نەریتیی ئەدەبی ئەردەڵاندا رەنگیان داوەتەوە.

ئامادەبوونی هەستی قووڵ و بەسۆزی شاعیر لە نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵاندا شان‌بەشانی مۆرکە سروشتییەکانی زاراوەی گۆرانی و هەروەهاش نواندنەوەی لایەنە رۆحانییەکانی سروشت و توخمە سروشتییەکان لە سۆنگەی خەیاڵی داهێنەرانەوە لە ئاکامدا دەبنە هۆی خولقاندنی بەرهەمێک کە وەک سروشتی ئەو ناوچەیە پاک و بێگەرد و رەوانە و وەک دەروونی شاعیرەکە پڕجۆش‌وخرۆشە. هەربۆیەش، ئەگەر بەردەنگی شێعری کلاسیکی کوردی، وەک بەرهەمەکانی نالی، سالم، کوردی و مەحوی، کەسانی نوخبە و خوێنەوارن و پێویستیان بە دەکارگرتنی وزەی عەقڵ و خەیاڵە بۆ تێگەیشتن لە شێعرەکە و لێکدانەوەی دێڕەکان و راڤەکاریی دەستەواژە و زاراوە فەلسەفییەکان، بەردەنگی بەرهەمەکانی نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵان خەڵکانی ئاسایین و هەمووشیان خێرا دەکەونە ژێر کاریگەریی عاتیفیی ئەو بەرهەمانەوە.

## ٦- بەراوردکاریی شێوازناسانەی وێژەی گۆرانی و وێژەی کرمانجی ناوەڕاست

لەم خشتەیەی خوارەوەدا هەوڵ دراوە زۆر بە کورتی جیاوازییە شێوازناسانەکانی نێوان دوو نەریتی ئەدەبیی گۆرانی و کرمانجی ناوەڕاست بخرێنە بەر چاو. هەڵبەت درکاندنی ئەم خاڵە گرنگە کە ئەم تایبەتمەندییانە رەها نین و زۆر جار هەڵئەکەوێ کە نموونەی ریزپەڕیشیان تێدایە. واتە، هەندێ جار لە نەریتی ئەدەبیی گۆرانیدا چاومان بە چەند خەسڵەتێک دەکەوێ کە لەگەڵ کۆی تایبەتمەندییەکانی ئەو پۆلە بەرهەمەی ناو نەریتەکەدا ناتەبان. هەروەهاش، لێرەدا مەبەست وێژەی کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاستە.

| تایبەتمەندیی شێوازناسانە (فۆرم و ناوەرۆک) | شێعری کلاسیکی کرمانجی ناوەڕاست | شێعری ڕۆمانتیکی گۆرانی |
|---|---|---|
| کێش | عەرووزی | بڕگەیی |
| فرەپاتیی وشەی بیانی | عەرەبی | فارسی |
| قاڵبی ئەدەبی | غەزەڵ و قەسیدە | جووتسەروا |
| سەروا | یەکێتی سەروا | سەروای ناوەکی و جیا |
| ئولگووە دەنگییەکان | کەم | زۆر |
| دوانەی روخسار/ ناوەرۆک | روخسار | ناوەرۆک |
| یەکێتی ئەندامواز | زۆر (بە ژمارەی کۆپلەکان) | کەم (زۆرتر یەک یەکێتی) |
| فرەپاتی شوێن | شار؛ دیوەخان | سروشت؛ دیمەن |
| بنزاراوە | سۆرانی/ موکری | هەورامی |
| میرنشین | بابان، موکریان | ئەردەڵان |
| دوانەی عەقڵ/ هەست | عەقڵی لێکدەرەوەی وردبین | هەستی پڕجۆش و بەسۆز |
| بەردەنگ | نوخبە و خوێنەوار | خەڵکی ئاسایی |
| ئوسلووب | کلاسیک (عەرەبی، فارسی) | خۆماڵی و رەسەن |
| قوتابخانەی ئەدەبی | کلاسیسیزم | ڕۆمانتیسیزم |

## ۷- ئەنجامی لێکۆڵینەوە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە سەرنجدان بە پێناسەی زاراوەگەلی شێواز، رێباز، قوتابخانە، و نەریتی ئەدەبی بەو ئاکامە گەیشتین کە بە مەبەستی ناوبردن و دەستنیشانکردنی هاوشێوەیی و هاوچەشنیی شێوازناسانەی کۆی ئەو پۆلە بەرهەمە ئەدەبییەی لە دوو سەدەی کۆتایی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا بە زاراوەی گۆرانی هاتوونەتە بەرهەم، پێویستە کەڵک لە زاراوەی «نەریتی ئەدەبیی گۆرانی» وەربگیردرێ و بەکارهێنانی زاراوەکانی تر هەر کامەیان بۆخۆی رووبەڕووی جۆرێ کەموکوڕی و کەمایەسیمان دەکاتەوە. هەروەهاش، لە سۆنگەی خوێندنەوەی سێ نموونە شێعر لە سێ شاعیر لە سەدەگەلی یازدە، دوازدە و سێزدە، چەندین تایبەتمەندیی شێوازناسانەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی نەریتی ئەدەبیی ئەردەڵان دیاریکران کە بە کورتی بریتین لە: کێشی

بڕگەیی، هەڵبژاردنی وشەی فارسی زیاتر لە چاو وشەی عەرەبی، بەکارهێنانی قاڵبی ئەدەبیی جووتسەروا، بەکارهێنانی بە لێشاوی سەروای ناوەکی و ئیماژ و ئولگووە دەنگییەکانی تر وەک هاونشینیی دەنگ و ناوەدەنگ، گرنگیدان بە ناوەرۆک لە چاو روخسار و هەبوونی یەک یەکێتی ئەندامەوار لە کۆی شێعرەکەدا، رەنگدانەوەی سروشت و دیمەنە سروشتییەکان، کارابوونی هەستی پڕجۆش‌وخرۆش لە باتیی گرنگیدان بە عەقڵی لێکدەرەوەی وردبین و رووکردن لە بەردەنگی ئاسایی. ئەوەی جێگەی سەرنج و بایەخە لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەوەیە کە سەرجەمی ئەم تایبەتمەندییانە لە کۆتاییدا دەبنە هۆی خولقانی بەرهەمێکی ئەدەبی کە لە رووی ئوسلووبەوە هیچ تایبەتمەندییەکی لە ئەدەبی کلاسیکی عەرەبی و فارسی ناچێ و دەبێتە خاوەن و هەڵگری مۆرکی رەسەنایەتی و رەهەندێکی خۆماڵی. هەڵبەت ئەم تایبەتمەندییە شێوازناسانەگەلە کۆی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمی ئەردەڵان ناگرێتەوە و هەر بۆیەش لەم سەردەمەدا هەست بە دوو نەریتی ئەدەبی دەکەین؛ دوو نەریتی ئەدەبیی جیاواز یان دوو جۆر هاوشێوەیی شێوازناسانە کە دەکرێ یەکێکیان بە نەریتی ئەدەبیی زاڵ یان زۆرینە ناو ببرێ کە لە زۆر رووەوە پێچەوانەی نەریتی ئەدەبیی بابانە وەک بەرهەمەکانی بێسارانی، خانای قوبادی، مەولەوی، مەستوورە، وەلی دێوانە و، ئەویدیش دەتوانرێ بە نەریتی ئەدەبیی کەمینە یان پەراوێزی ناودێر بکرێ؛ ئەمەش ئەو نەریتەیە کە لە بەرهەمی هەندێ شاعیری کۆتایی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکاندا رەنگی داوەتەوە وەک سالمی سنە و مەجدی.

## سەرچاوەکان

### الف) کوردی


۱. بێسارانی، مستەفا (۱۳۷۵) *دیوانی بێسارانی*. لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی حەکیم مەلا ساڵح. سنە: گۆران.

۲. تاوەگۆزی، سەید عەبدولڕەحیم (مەولەوی) (۱۹٦۱) *دیوانی مەولەوی*. کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس. بەغداد: النجاح.

۳. --- (۱۳۷۱) *دیوانی مەولەوی*. کۆکردنەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس. چاپی دووەم. سەقز: محەمەدی.

٤. خانای قوبادی (۱۹۷۷) *خوسرەو و شیرین*. بووژاندنەوە و لێکدانەوەی محەمەدی مەلا کەریم. بەغداد: کۆڕی زانیاری.

٥. خەزنەدار، مارف (۲۰۱۰) *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی دووەم. چاپی دووەم. هەولێر: ئاراس.

٦. --- (۲۰۱۰) *مێژووی ئەدەبی کوردی*. بەرگی سێیەم. هەولێر: ئاراس.

۷. ڕەشید ئەحمەد، خورشید (۱۹۸۹) *ڕێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا*. بەغداد: دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

۸. سەجادی، عەلائەدین (۱۹۷۱) *مێژووی ئەدەبی کوردی*. چاپی دووەم. بەغداد: مەعاریف.

۹. --- (۱۹۷۸) *دەقەکانی ئەدەبی کوردی*. بەغداد: کۆڕی زانیاریی کورد.

۱۰. فەیزی بەگ، ئەمین (۱۹۸۳) *ئەنجومەنی ئەدیبانی کورد*. بەغداد: کۆڕی زانیاری عێراق.

۱۱. قادر محمد، انور (۲۰۰۳) *مەولەوی*، شاعیری لیریکای گەورەی کورد. نامەی دوکتۆرا.


### ب) فارسی


۱. اخوت، محمدرحیم (۱۳۷۸) *«این نوشته‌ها قصه نیست»*. *کارنامه*، س. ۲، ش. ۹ (شهریور)، صص. ۲۲-۹.

۲. سعیدی، گل‌بابا (۱۳۷۸) *فرهنگ جامع اصطلاحات عرفانی ابن عربی*. تهران: زوار.

٣. سیدحسینی، رضا (١٣٥١) *مکتب‌های ادبی*. تهران: نیل.

٤. شفیعی کدکنی، محمدرضا (١٣٧٦) *آیینه‌ای برای صداها*. تهران: علمی.

٥. شمیسا، سیروس (١٣٧٠) *انواع ادبی*. تهران: باغ آینه.

٦. --- (١٣٨١) *نگاهی تازه به بدیع*. چاپ سیزدهم. تهران: فردوسی.

٧. عثمان‌پور، کلثوم (٢٠١٠) *زیبایی‌شناسی دیوان اشعار مولوی کرد*. سلیمانیه: اداره فرهنگ.

**ج) ئینگلیسی**

1. Abrams, M. H. (1993) A Glossary of Literary Terms. Sixth Edition. New York: Harcourt Brace College Publishers.

2. Beiser, Frederick. (2005) Hegel. London: Routledge.

3. Haghighi, Manoochehr. (1993) Literary Schools for University Students. Tehran: Avaye Noor Publications.

4. Wimsatt, William K. and Monroe C. Beardsley. (1954) The Verbal Icon: Studies in the Meaning of Poetry. University of Kentucky Press.